# ئەمڕۆ فرسەتێکی باشە بۆ ئەدەبی کوردی تا خۆی بدۆزێتەوە لەنێو ئەدەبەکانی تردا



د . نیان نەوشیروان مەستی:

**چاوپێکەوتنی/ ژینۆ عەبدوڵڵا**

**ئەدەبی بەراوردکاری بە یەکێک لە ژانرە گرنگەکانی مێژووی ئەدەبیی دادەنرێت لە هەموو جیهانداو لە دوای دەرکەوتن و سەرهەڵدانی لە کیشوەری ئەوروپا، ئەم چەمکە توانی خزمەتێکی بەرچاو لەبەرەو پێشچوون و گەشەسەندنی بواری ئەدەبی لە وڵاتانی ئەوروپاو دواتر جیهان بدات و دەوڵەمەندییەکی فراوانی بەخشییە ئەدەبی وڵاتانی جیهان هەم لە رووی کاریگەریی و هەم لە رووی تێکەڵاویی بوارەکانی تری بوارەکانی ئەدەب (شیعرو پەخشان). بۆ زیاتر روونکردنەوەی چەمکی ئەدەبی بەراوردکاری و گرنگیی لەم سەردەمەدا، دیدارێکی کورتمان لەگەڵ د. نیان نەوشیروان مەستی مامۆستای ئەدەبی بەراوردکاری لە زانکۆی سلێمانی ئەنجامدا ..**

*** ئەدەبی بەراوردکاری چییە؟**

**-ئەدەبی بەراوردکاری لە ساناترین پێناسەیدا بریتییە لە: کارتێکردن و وەرگرتن و پەرەسەندن و بەو پێیەی هەموو ئەوەی میللەتان و جیهان کاریگەریی و کار لەیەکتری دەکەن بۆ بەدیهێنانی ئەدەبێکی زیندوو، بەڵام ناشبێت پەیام و ناوەڕۆک و رووخساری ئەدەبی نەتەوایەتی ون بکات. چەندین لێکدانەوەی جیاواز هەیە بۆ سەرهەڵدانی مێژووی ئەدەبی بەراوردکاری، بەڵام رەخنەگران کۆکن لەسەر ئەو راستییەی کە لەسەدەی نۆزدەدا سەریهەڵداوەو راستتر بڵێین لە وڵاتی فەرەنسا سەریهەڵداو وردەوردە وڵاتانی ئەوروپاو دواتر جیهانی گرتەوەو بێگومان ئەدەبی کوردییش کەم تا زۆر سودی بینیوە لەو هەژموونەی ئەدەبی بەراوردکاری بە تایبەت لەم کاتەی ئێستادا.**
**بە هۆی چەند قوتابخانەیەکی ئەدەبی بەراوردەوە، ناکرێت پێناسەیەکی دیاریکراو بکەین، لەبەرئەوەی هەر قوتابخانەیەک چەند ستراتیژیەتێکی خۆی هەیە کە جودای دەکاتەوە لەوانیتر، بۆ نموونە قوتابخانەی فەرەنسی جەخت لەسەر بوونی خۆی دەکات لە نێو ئەدەبەکانی تردا.. بۆیە دەبینین زاناکانیان وەک ڤان تیگم و فرانسوا گۆیار ئاماژە بە پەیوەندی ئەدەبەکانی تر بە ئەدەبی فەرەنسی دەکەن لەبەرئەوەی ئەدەبی فەرەنسی لە چەرخی 17-19 پێشەوای ئەدەبەکانی تر بووەو زۆربەی هەرە زۆری رێبازە فەلسەفەیی و ئەدەبییەکان لەو ماوەیەدا لە فەرەنسا سەریهەڵداو بڵاوبووەوە لە وڵاتانی جیهان بە ئەوروپاشەوە. بەم پێیە قوتابخانەی فەرەنسی هێمایەکە بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبێکی نەتەوایەتی کە دەیویست لە رێگەی رێبازو فەلسەفەکانیانەوە بوونی خۆی بسەلمێنێ کە ئەم ئەدەبە سەرچاوەیە.. بۆیە دەشێ پێناسەی ئەم ئەدەبی بەراوردە بەپێی ئەم قوتابخانەیە بەم شێوەیە بکەین :ئەدەبێکە جەخت لەسەر مێژووی پەیوەندییەکان دەکات. ئەدەبێکە جەخت لەسەر بوونی پرۆسەی کارتێکردن و کارتێکراو دەکات بەو پێیەی ئەدەبی فەرەنسی سەرچاوەیە بۆ ئەدەبەکانی ترو پێویستە ئەدەبەکانی تریش گوێڕایەڵی یاساکانی ئەم ئەدەبە بن. ئەدەبێکە جەخت لەسەر مەسەلەی کارلێک دەکات لە**

نێوان ئەدەبە جیاوازەکاندا بە زمان و کاڵچەرو سنوورەکانەوە. ئەمانە سەرجەم ئەوە دەگەیەنن کە ئەدەبی بەراورد بە پێی ئەم قوتابخانەیە پێویستە خۆی لەم هاوکێشەیەدا ببینێتەوە: ئەدەبی ساغ + وسیگ + ئەدەبی وەرگر، بەڵام پێناسەی ئەدەبی بەراورد بەپێی قوتابخانەی ئەمریکی، خۆی لەم شێوانەدا دەبینێتەوە:

یەکەم- پەیوەندی نێوان ئەدەبە جیاوازەکان بەبێ پەیوەندیی مێژوویی.

دووەم- پەیوەندی نێوان ئەدەبە جیاوازەکان بەبێ پڕۆسەی کارلێککردن و کارلێکراو.

سێەم- جەختکردنە سەر کارتێکردن و کارتێکراو بە بێئەوەی بەدوای بەڵگەکاندا بگەڕێین.

ئەمانە هەمووی ئەوە دەگەیەنن کە ئەم قوتابخانەیە- ئەمریکیی- دەیەوێت یاساکانی قوتابخانەی فەرەنسی تێکبشکێنێت لەبەرئەوەی گەر کار لەسەر قوتابخانەی فەرەنسی بکات، ئەوا لەلایەکەوە زەرەرمەند دەبێت، چونکە دەچێتە ژێر گوشارەکانی یاسای فەرەنسی بە بابەت و ڕێبازو فەلسەفەکانییەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەم قوتابخانە ئەمریکییە مەبەستی بوو دەزگای ئەدەبی بەراورد فراوانتر بکات و لە مەرجەکانی ئەدەبی فەرەنسی دەرباز بێت تا ئەدەبە بچووکەکانیش بتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن و گەشە بکەن و تەنانەت بچنە نێو ئەدەبی جیهانی، بۆ نموونە ئەدەبی فەرەنسی بە مەرجی گێڕابوو کە پێویستە تەنها ئەو بابەت و ڕێبازانە دیراسە بکرێن کە دەکەونە نێوان چەرخەکانی 17-19، بەڵام قوتابخانەی ئەمریکی هەوڵیدا بگەڕێتەوە زۆر بۆ دواوە تەنانەت بایەخێکی زۆریشی بە ئەدەبی فۆلکلۆر دا.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەدەبی ئەمریکی بەرامبەر ئەدەبە ئەوروپییەکاندا ئەدەبێکی نوێیەو ناتوانێت ململانێی ئەو ئەدەبە کۆنانە بکات، لەبەرئەوە ویستی دەربازبێت لە پڕۆسەی مێژوویی ئەوەی کە ئەدەبی فەرەنسی جەختی لەسەر کردبوو. بەڵام کە دێینە سەر قوتابخانەی سۆڤیەتی، دەبینین ئەم قوتابخانەیە جەخت لەسەر پڕۆسەی کارتێکردن و کارتێکراو دەکات بەو پێیە ئەم ئەدەبە خاوەن دەسەڵاتێکی فیکریی و سیاسیی سەردەمەو پێویستە ئەدەبەکانی تر پەیڕەویی بکەن، بۆ نموونە ئەلیکساندەر دیما بەمشێوەیە کارناوی ئەدەبی بەراوردمان بۆ دەکات: پەیوەندی نێوان ئەدەبە نەتەوایەتییە جیاوازەکان لە ڕێگەی مێژوویی یان نا مێژوو. زانینی تایبەتمەندێتی هەر ئەدەبێک لە ئەدەبەکان و ڕێژەی بەشدارییکردن لە پڕۆسەی ئەدەبی جیهانیدا. زانینی مەسەلە تایبەتمەندییەکان لە مێژووی ئەدەبی نەتەوایەتی کە ئەمەیان خۆ ئامادەکردنە بۆ مێژووی ئەدەبی نەتەوایەتی. بەراوردکردنی دەستکەوتە نەتەوایەتییەکان و بەراوردکردنیان لەگەڵ دەستکەوتە نەتەوایەتییەکانی تردا. جیرمۆنسکییش خوازیار بوو کە بەراوردی دیاردە ئەدەبییە لێکچووەکان بکات کە لەیەک کاتی دیاریکراودا سەریهەڵداوە کە زیاتر پەیوەستن بە پڕۆسە کۆمەڵایەتیی و مێژوویی و فیکریی و سیاسییەکان، واتە جیرمۆنسکی وای بۆ دەچێت کە ڕاستێتی ئەدەبی لە بنەڕەتدا ڕاستێتی پڕۆسەی ئایدۆلۆژیی و کۆمەڵایەتییە.

* تاچەند شاعیرانی کورد سودمەند بوون لە ئەدەبی بەراورددا؟

- هەموومان ئاگاداری مێژووی سیاسیی و ئەدەبی کوردین کە چەند لە ژێر گوشاری بازنە دەرەکییەکاندا بووە.. لە زۆر حاڵەتدا ناتوانین کەسێتی ئەم مێژوو ئەدەبە بە ئاسانی دەستنیشان بکەین و جودایان بکەینەوە لە ئەدەبەکانی تر بە تایبەتی دراوسێکان وەک ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکی.. بەڵام ئەدەبی بەراورد بە پێی قوتابخانەی ئەمریکی و بونیادگەری یارمەتیدەرێکی باشن بۆ دەرکەوتنی ڕاستییەکانی ئەم کەسێتییە کە بە لای ئێمەی پسپۆڕانی ئەدەبی بەراوردەوە کەمتر نییە لە کەسێتییەکانی تر بە ئەدەبی جیهانییەکانیشەوە. واتە ئەمڕۆ کە فرسەتێکی زۆر چاکە بۆ ئەدەبی کوردی تا خۆی لە نێو ئەدەبەکانی تردا بدۆزێتەوە.. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە دەزگا ڕۆشنبیرییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بایەخێکی زۆر چاک بدەن بەمجۆرە ئەدەبەو دەزگایەک دروستبکەین بە نێوی دەزگای ئەدەبی بەراوردەوە، ئامانجی ئەم دەزگایەی هۆشیارکردنی نەوەی نوێ بێت بە ئەدەبی نەتەوایەتیی خۆمان بەپێی قۆناغە مێژووییەکانمان تا بتوانرێت لە پێناو ئایندەدا بەراوردێک بکرێت لە نێوان هێزو دەسەڵاتی ئەم ئەدەبە نەتەوایەتییە لەگەڵ ئەدەبەکانی تردا بەبێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر پڕۆسەی کارتێکردن و کارتێکراو.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەدەبی بەراورد لە بنەڕەتدا ململانێی شارستانیەتە (یراع الحچارات)ەوە لە ڕێگەی هەندێ لە شاعیران و ڕۆماننووسان.. دەکرێت بە شێوەیەکی بەرفراوان خۆمان بناسێنین بە ئەدەبەکانی تری جیهان بۆیە لەم بوارەدا بەندە لە ژێر کاریگەری مامۆستای بەڕێزمدا پ. د. زاهیر لەتیف

چەندین لێکۆڵینەوەمان بە زمانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی نووسیوە ئەویش لە پێناو دەرخستنی کەسێتی ئەدەبەکەمان لە ناو ئەدەبی جیهاندا، ئەو نموونانەی کە هەڵمان بژاردوون دەتوانن ئەو ئەرکە هونەریی و فیکریی و کۆمەڵایەتیی و رەخنەییە بگرنە ئەستۆ.

*ئەدەبی کوردیی سوود لە چ ئەدەبێکی جیهانی دەبینێت لەمکاتەدا؟
– سەرجەم ئەدەبەکانی جیهان پیرۆزن، دەشێ سوود لە هەموویان ببینرێت، بۆ نموونە کۆلۆمبی بوونێکی رۆشنبیریی خۆی هەیە لە نێو نووسەرەکاندا، فروغی فروغزادە هەروەها بوونێکی باشی خۆی هەیە لە نێو شاعیرە نوێیەکاندا، لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە زیاتر سوود لە ئەدەبییاتی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیسپانی و ئەفریقی و چینی وەرگرین، چونکە هەر یەک لەم ئەدەبانە خاوەنی کەسێتی رۆشنبیریی و مەعریفی و نەتەوەیین ناتوانیت دووره پەرێز بوەستیت، بەڵکو هەریەکەیان پێویستی بەویتریانە، بەلاّم لەژێر چاودێری ئەم مەرجانەی لای خوارەوە:
یەکەم: رێژەی وەرگرتن: پێویستە رێژەیەکی لۆجیکی بێت و لە رادەبەدەر نەبێت، چونکە ئەگەر لە رادەبەدەر دەربچێت، ئەوا ئەو ئەدەبە ناچێتە ژێر خانەی ئەدەبی بەراوردو پرۆسەی کارتێکردن و کارتێکراوەو دەبێتە لاساییەکی راستەوخۆی کوێرانە.
دووهەم: پارێزگاریکردن لە کولتوور: پێویستە هەموو ئەدەبێک لەگەڵ ئەوەی پەیوەندیی دەکات بە ئەدەبەکانی ترەوەو سوودیان لێوەردەگرێت، بەلاّم پێویستە پارێزگاریی لە کەسێتی نەتەوایەتی خۆی بکات.
سێهەم: وەرگرتن: هەموو ئەدەبێکی نەتەوایەتی پێویستە هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتەدا بکات کە لێی وەردەگرێت، واتە پێویستە ئەدەبی نەتەوایەتی پەیڕەوی سیستەمی کۆمەلاّیەتی و ئایینی و فیکری سیاسی خۆی بکات.
چوارهەم: ئاوات و ئامانج: خۆ ئەگەر هەندێ بابەت لەکاتی خۆیدا نەگونجێ، ئەوا پێویستە ئەدەبی نەتەوایەتی هۆشیارانە سەیری ئایندەی ئەو بابەتانە بکات کە رەنگە ئێستا نەشێ، بەلاّم دواتر ئەشێ.